# سکرتێری تا کەی ؟؟؟؟؟

## لە وەڵامی بەڕێز پێژمان ئاریانبوور(هەواڵی ژمارە 100) .

## عەلی مەحمود محەمەد

لە سەرەتادا دەمەوێت ئەوەندە بڵێم نوسینی بابەت و وەڵامدانەوە دیاردەیەکی زۆر نۆرماڵ و ئاساییە و دیالۆگیش چەندە بەڕێزەوە ئەنجام بدرێت باشتر شوێن خۆی دەگرێت , دەبوایە بەڕێز پێژمان ئارایان پوریش بەم ستانداردەوە بابەتەکەی بنوسایە , نوسینەکەمی وەڵام بدایاتەوە,هەرچەندە باوەڕ ناکەم کەسێکی نۆرماڵ بێت , دیارە کورسی دەسەڵات سەری هەزاران لاوی قوت دابێت و ئاساییە لە پێناویدا ئەم ووشانەش دەربڕدرێت , مرۆڤ هەر مرۆڤە کوڵاکی مەهاباد و مەریوان بێت یان دەست قڵیشاوێکی حەوتاش و دوپلورەو ساوسلێمانە .

نوسەر دەنوسێت (

لەو نوسراوەیەدا نووسەرەکەی وێڕای وەبیرهێناوەی سێ کۆنگرەی هاوکاتی سێ لایەنی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران پشتگیری خۆی لە دەرەنجامەکانی حیزبی دیموکرات لە تویێ چەند دێڕدا دەردەبڕێو زۆر ناشیانەو موغریزانە هێرش دەباتە سەر لیدری کۆمەڵەی شۆڕشگێڕو دەبیر ئەوەڵی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستو هەڵبژاردنەوەیان لەلایەن کۆنگرەی هەردووی ئەم لایەنانە بە "نەبوونی دیموکراسی" لەو دوو حیزبەدا وەك فاکت دەهێنێتەوە).

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەڵێ چۆنت نووسیوە هەر ویستوومە وا بڵێم ، ئەو ووتنەشم لەو پێناوەدا نییە ئەوە بسەلمێنم حدکا لە هەموو سیاسەتەکانی لە جوت کۆمەڵە شۆڕشگێرترە ، بەڵام دەمەوێت بڵێم لەم سیاسەتەدا ئەوانی بەجێ هێشت ، هەر بە پراتیکیش وایەو دەست خۆشی لێ دەکەم .من ئەوەم بەلاوە گرنگە لیدەر لیدەر بێت نەك لێدەر ، تا دنیا دنیایە وەك دێوە زمە بە بان سەر ئەو دەزگا سیاسییەوە نەمێنێتەوە کە ناوی حیزبە، هیچ کات بەڕێز مستەفای هیجری بۆ ئەو شوێنە شایستە تر نییە لە ڕێزدار عەبدوڵڵەی حەسەن زادە ، بەڵام بۆ ڕێز گرتن لە پرنسیبەکانی دیموکراتی سەرکەوتویی حدکا لەوەوەیە سکرتێرەکەی بگۆڕێت .

پاشان دەنوسێت (

کاك عەلی لە پێشدا زەهری خۆی بە زاراوەی "دوو کۆمەڵە" بوون دەڕێژێ، هەڵبەت روونە چ کەسانێك لە بەکاربردنی ئەم زاراوەیە قازانج دەبەن و هەوڵیشیان پەرەدان بەم زاراوەیەیە).

دوو کۆمەڵە زەهری من نییە ، زەهری ئەوانەیە کۆمەڵەیان کەرت کردوو تۆش ئێستا داکۆکییان لێدەکەیت ، لە هەموو جیهاندا سەرکردەیەکی سیاسی سەرکەوتوو نەبێت لە کارەکانی ئەوا خۆی ئازادانە داوای واز هێنان لەو پۆستە دەکات . دوو کۆمەڵە بوون واقیعێکە بە سەر کردنە ژێر لمەوە ناشاردرێتەوە .

لە دواییدا نووسەر دەیسەلمێنێت دوو کۆمەڵە لە کوردستاندا بوونی نییە ، ئەوەی هیە "کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران"ە.

پاشان دەنووسێت (

کاك عەلی لە کاك عەبدوڵلای موهتەدی خوردە دەگرێ کە بۆچی لەم کۆنگرەیەشدا وەك لیدر هەڵبژاردرایەوە؟و بۆخۆی یەك لایەنە دەبێتە دادوەرو بڕیار دەکاو کۆمەڵە بە "دوگم بوون و نەبوونی دیموکراسی حیزبی" تاوانبار دەکا).

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

"عەلی" ئاغا لە نووسراوەکەیدا زۆر بێ موبالاتانە سەرکەوتنەکانو پێگەی کۆمەڵە لە کۆمەڵگای کوردستان نادیدە دەگرێو دەفەرموێ).

ئەوەی بەلامەوە سەیرە نووسەر داکۆکی لە ئاغای ئەسڵ دەکاو کورسییەکەی تا سەر دەپارێزێت کەچی لە بەرامبەردا منێکی بەسزمان تەنها داوای ئەوەم کردووە بەسە بەناوی چەپ بوونەوە ئەم دیکتاتۆرییە ئەبەدییە , بەسە سەرکردە بونی تا مردن دەمکاتە ئاغا, .

لە درێژەدا دەنوسێت (

"لە مێژووی خۆیاندا هیچ سەرکەوتنێکیان بۆ کۆمەڵە بە دیاری نەهێناوە"و "بەبێ ئەزموون بوونی سیاسی کاک عەبدوڵلای موهتەدی" لە سەرکردایەتی مانەوەی کۆمەڵەدا" گاڵتەجارانە" دەبینێ.).

باشە کام سەرکەوتن بژمێرم لەو مێژووەی شەهید فوئاد و حەمە حوسێن جێیان هێشت , ئەوە سەرکەوتنە حدکا دروستکرا, یان کۆمەڵە تەسلیم بە بەڕێز مەنسوری حیکمەت کرا , یان چەند جار کەرت کەرت کرا ؟؟.

پاشان دەنوسێت(

ئەوەی راستی لە قسەکانی کاک عەلیدا بێ دێرێکە کە زۆر بە ناچارانە دان بە "خاوەنی نفووزی نیوە کوردستانی کۆمەڵە" دادەنێ کە ئەگەر ئەربابەکانی ئەم دێرەی بخوێننەوە، حەتم درگای ماڵەکەیانی لێ ناکەنەوە).سەرباری هەڵەی زمانەوانی مانای ئەم پەرە گرافەی ئاڵۆز کردووە , من بە ناچاری ئەو مێژووە پڕ سەروەرییەم بۆ کۆمەڵە دروست نەکردووە , بەڵکە کۆمەڵە بە قوربانییەکانی خۆی دروستی کردووە و منیش باوەڕم پێیەتی , نابێت دوو شت تێکەڵ بەیەك بکرێت مێژوو وە دیکتاتۆرییەت , تاوانم بەرامبەر بە قوربانییەکانی کۆمەڵە نەکردووە ئەگەر ووتبێتم زۆر بەڕێزان عەبدواڵڵەی موهتەدی و ئیبراهیمی عەلی زادە جێی خۆیەتی ڕێگە بۆ کەسانی کە چۆڵ بکەن لە ماوەی سەرکردایەتییان سرکەوتنییان تۆمار نەکردووە , ئەگەر ڕاست ناکەم سەرکەوتنەکانییانم لە ماوەی ئەم چارەکە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سەدەیەی کە کۆمەڵە بەدەستیانەوە بووە بۆ بژمێرە پاش سەردەمی زێڕینی شەهیدان فوئاد و حەمەحوسێن و شوان . گریمان وا سەرکەوتووش بن , ئەسڵی مەبەستی من ئەوەیە مۆدێلێکی نویٚ لە پارتایەتی بێتە ئاراوە و سەردەمی سەرۆکی تا مردن کۆتایی پیٚ بێت .پاشان بەڕێزی دەکەوێتە پێناسەی سەرۆکەکەی و دەڵێت :-

هەڵبەت رەنگە پێویست بەوە نەکا من لەسەر کەسێتی بەڕێز "عەبدوڵڵای موهتەدی" بدوێم، چونکە عەبدوڵڵای موهتەدی ناوێکی ئاشنای دنیایی سیاسەتو رۆشنبیرییە کە لە بنەماڵەیەکی سیاسیدا پەروەردە بووەو ئۆپۆزسیۆنو موعتەریز بوونی هەر لە فەرهەنگی بنەماڵەو فەرهەنگی کوردەواری وەرگرتووە، بەر لەوەی بچێتە زانکۆو خوێندنی زانکۆ دەست پێبکا لەگەڵ سیاسەتی چەپ ئاشنا بووە، وێڕای کاک فوئادو کاک حەمە حوسێنو ... لە تەمەنێکی کەمدا لە دامەزراندنی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێراندا دەروی بووە، رەنگ بیٚ لە حزووری کەسانێکی وەك "خانەی موعینیو..." قارەمانی زیندانەکانی ساواك نەبووبیٚ، بەڵام لە زیندان روو سوورهاتووەتە دەریٚ، هەرچەند کە رەنگە لەم مایەشدا بیٚ هەڵە نەبووبیٚو خۆشیان لەو بڕوایەدانو ئەوەش بەشێکە لە مێژووی ئەم رەهبەرە.

کێشەیەکی ترسناك لەکۆمەڵگەی کوردیدا ئەوەیە سیاسەت بە بنەماڵەیە , تاوانی من چییە لە خێزانێکی ناودار نەهاتبێتمە دنیاوە خاوەندی بستێك زەوی نەبێت , ناوداری بنەماڵەی کاك عەبدواڵلە بۆ خۆی , ڕابەرایەتی هێزێکی چەپ لە جێگەیەکی کە , نازانم پارتی چەپ نوێنەری بنەماڵەی ناودارن یان کرێکاران و زەحمەتکێشانی بیٚ ناو ناونیشانی وەکو ئێمە مانان . ڕێزم بۆ مێژوی تێکۆشانی کاك ئیبراهیم و کاك عەبدواڵلە هەیە , بەڵام ڕێز لە شوێنێك چاکسازی لە شوێنێکی کە . ڕۆشنبیرییان لە شوێنێك داوای چاکسازی لە ژیانی پارتایەتی لە شوێنێك کە .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**هیواردارم ئەم جۆرە داخوازییە کە سەرەتاترین داواکاری مرۆڤی سەردەمە بەدوژمنایەتی وەرنەگیرێت , لە بری دژایەتی هەوڵدرێت مۆدێلی پارتایەتی نوێ لەسەر بنچینەی ڕابەرایەتی بە کۆمەڵ و نوێکردنەوەو گۆڕان دابهێنرێت , کۆتایی بەو سەردەمە بهێنرێت داینەسۆری سکرتێر تا مردن بە بان سەر کرێکاران و زەحمەتکێشانەوە بێت .**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com